www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6-10-2006 7:23

## فێڵکردن نی یە لە زاکیرە، خستنە رووی نێتە وەڵامێک بۆ (رێبین هەردی) ... فاتیح ئیسماعیل ئەحمەد

نوسەر و رۆشنبیر (رێبین هەردی) لە ژمارە (44) ی ئەیلولی 2006ی گۆڤاری (لڤین) لاپەرە (25) دا وتارێکی بەناو نیشانی (فێڵکردن لە زاکیرە)، خوێندنەوەیەکی تری بۆ لابردنی ئاڵای رژێمی بەعسی هەڵوەشاوە، کە بە بریاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کوردستان هەڵنادری، لە بەرامبەردا بۆ عێراقی بوون پەنا دەبرێتە بەر هەڵکردنی ئاڵای عێراقی سەردەمی سەرکەوتنی شۆرشی (14) ی گەلاوێژی 1958ی گەلانی عێراق کە دەربڕی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقە و بەڵام رێبین بۆ ئامانج و نیەتی نووسینەکەی پەنای بۆ ووتەیەکی فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی (نیتچە) بردوە کە دەڵێت: ((دەشێت شتێك راست بێت، بەڵام بێئەندازە زەرەرمەند و ترسناك) ) .
لەمەوە باس لە درکاندنی راستی دەکات، کە بەلای ئەوەوە هیچ کەس هێندەی سیاسیەکان کارنامەیان لە بەکارهێنانی راستیدا خراپ نی یە، هەروەها باس لە ئەو شێوازە دەکات کە کزی و لاوازی زاکیرە و بیروڕای خەڵکی کوردستان بە رێگاخۆشکەر دەزانی. تا رادەی ئەوەی کۆمەڵگای کوردی بەبی بڕوا دەزانی... هتد. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بیروڕای تایبەتی خۆیەتی، بەڵام ئەوەی جێگای لە سەر وەستانە کە (رێبین) خۆی بە رۆشنبیرێکی سەربەخۆ دەزانی و بەڵکو زۆر جار نووسەر و نێوبراوانی حزب بە رۆشنبیری حزبی دەزانی... ؟!، کە جۆرێك لە دابەشکاری بۆ رۆشنبیری دەکری، بەڵام ئەم وتارەی جیالەوەی تەنگە جیکەڵانەی سیاسی پێوە دیارە، بەڵکو لەوەش زیاتر بە نەفەس و شێوازێکی نوسەرانی شەری ناوخۆ دەنووسی کە هێشتا سەنگەرەکانی رووبەرووی هەردوو هێزی بە شەر هاتووی کوردستان لوولەی چەك هەرەشەی لەناوچوونی تاکەکانی بەرامبەری دەکرد و نووسەرانیش رەوایەتیان بە شەری لایەنی خۆی دەدا کە پاساوی ئەوەی لایەنی بەرامبەر لە رەوتی ئاسایی تێکۆشانی نەتەوەی و نیشتیمانی لای داوە... !؟. بۆ ئەوەش هەڵویستیان بە خەڵکی دەفرۆشت بە هەڵدانەوەی لاپەری پێشوو، وەکو ئەوەی (رێبین) تەنگەتاو بووە بە بریاری سەرۆکی هەرێم (نەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان)، هاتووە بەراوردی هەڵوێستی پێشووی زەرد و سەوزی کردووە لەوەی زەرد داوای هەڵکردنی ئاڵای عێراقی کردووە سەوزیش رەتی کردۆتەوە، هەروەها زەرد داوای پەیوەندی وەرزشی کردووە لەگەڵ یانەکانی عێراق، بەڵام سەوز ئەوەی رەتکردۆتەوە، لەلایەکی دیکەش باسی ئەو کارەی زەرد دەکات کە لە 31ی ئابی 1996 بە پاڵپشتی لەشکری عێراقی، سەوزی لە هەولێر دەرکرد. بەم شێوەیە (رێبین) دەنوسی: لەم رۆژانەدا کە هەرای ئاڵای کوردستان وعێراق لە چڵەپۆپەدایە، بیری ئەو دانیشتنەی یەکەمی پەرلەمانم کەوتەوە کە تیایدا سەوزەکان داوای لابردنی ئاڵای عێراقیان لە پەرلەمان دەکردو زەردەکانیش بە ناوی عێراق بوونەوە بە توندی دژی دەوەستان. بیری ئەو دانیشتنەم کەوتەوە کە لە سەر ناردنی تیپە وەرزشیەکان بۆ ناو یانە عێراقیەکان ساز کراو سەوزەکان داوای وەستاندنیان کردبوو زەردەکانیش بە ناوی عێراقی بوون و بەشێك بوون لە عێراق، داکۆکیان لی دەکرد. بیری رۆژانی ناخۆشی 31یئابم کەوتەوە کە زەردەکان لە ژێر ئاڵای عێراق و بە هاوکاری لەشکری خوێناوی بەعس سەوزەکانیان لە هەولێر دەرکرد) .
لێرەدا دەمەوی لە دوو روانگەوە وەڵامی نەفەسی قەڵەمی شەری ناوخۆی (رێبین) بدەمەوە. روانگەی بریاری لابردنی ئاڵا بریاری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە نەك سەرۆکی زەرد، بەڵکو وەکو لوتکەی دەسەڵاتی کوردی و کوردستانی دراوە، بەڵام ئەوانەی (رێبین) وەکو بەراورد هێناونیەتیەوە داواو هەڵوێستی حیزبی بووە کە ئەوەش قسە و پاساوی خۆیان هەیە، بۆ نموونە ئەوەی کاتی داوای هەڵکردنی ئاڵای بەعس دەکرا ئەو کاتە ئەو رژێمە لە دەسەڵات بوو، کورد نەیدەتوانی ئەو رژێمە

بروخێنی بەڵکو تەنها هەوڵی دەدا مافەکانی میللەتی کورد بەدی بهێنی َئیدی بە گفتوگۆ و دانوستاندن بی یاخود بە بەرگری کردن بێت، ئینجا کاتی بە گفتوگۆ و دانوستاندن بە دەست هات، ئەوا دەبی داوا بکری هێما و سرودەکان کە گوزارش لە پێکهاتەی عێراق بکا، بوون و ناسنامەی کورد و ئەوانەی دیکە لە خۆ بگرێت، ئیدی چەند لەمافەکان جێگای بووایەوە، بەڵام ئەو رژێمەی سیستەمی سیاسی عێراقی بەرێوەدەبرد نەماوە و دەستورەکەش کە کاروباری وەڵاتی پێ رێك دەخرا نەماوە و گۆراوە ودەستووری تازە بەرکارەکە لە یەکێك لە بەندەکانی دا هاتووە و دەڵێت:پێویستە ئاڵاو سرودێك بۆ عێراقی فیدراڵ دابنری. واتە سیستەمی سیاسی دیکتاتۆری گۆڕا بۆ سیستەمی فیدراڵی لە عێراق. دەستووری دانراوی سەر لاپەرە (دەستووری دانراوی بەعس بۆ عێراق) گۆرا بۆ دەستووری پەسەند کراوی زۆرینەی خەڵکی عێراق، هەروەها ئەوەی پێدەوترێت ئاڵای عێراق لەوەی ناوی ناوە (سەوزە) جۆرێك ئاڵای عێراق هەڵکراوە کە جیاوازە لەوەی جگە لە هەرێمی کوردستان لە عێراق هەڵدراوە. واتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری هەڵنەدانی ئاڵای بەعسی داوە نەك ئاڵای عێراق کە گوزارشت لە بوونی نەتەوەی کورد و تەواوی پێکهاتە جیاوازەکان بکات.

روانگەی دووهەمی قسەکەمان لە سەر شێوازی نووسینەکەیە کە هی سەرو بەندی شەڕی ناوخۆیە چونکە ئێستا کار دەکرێت بۆ رێکخستنی ووتاری کوردی نەك نەفەسی سڕینەوەی حزبی (کە ململانێی تەندروست بنەمایەکی سەرەکی کاری سیاسیە)، ئەمرۆ کار کردنی دەسەڵاتی سیاسی کوردی بۆ جیاکردنەوەی سڕینەوەی جەستەییە لە ململانەی سیاسی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات (کە سەردەمی شەڕی ناوخۆ وابوو) . بەڵام ئەو نووسینەی (رێبین) بە (بیرهێنانەوەی زاکرە) قسەکردن نی یە لە سەر ئەوەی کە بڕیارەکە راستە یاخود ناڕاستە وهەوڵ بدات کەموکوریەکان بخاتە روو، بەڵکو بە لای (رێبین) ەوە دەبی سەرۆکی هەرێم چون هەڵسوکەوتی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەکرد، بەهەمان شێوە دەبی واش هەڵسوکەوت بکات لە بەرپرسایەتی سەرۆکایەتی هەرێم.. ؟؟. (رێبین) وەکو ئەوەی قسە دەکات بە گوتەی خۆی رەخنە دەگرێت لە باڵا دەستی حزب بە سەر حکومەتەوە، کە ئەوە هەمووومان بەدی دەکەین و هەوڵیش دەدری بۆ گۆرینی، کەچی (رێبین) دێت بە دەمامککراوی ئەوەی لە شەڕی ناوخۆ کراوە پەرەی پێدەدات و ئێستا وەك بیرخستنەوەیەك بە ئاگامان دەهێنێتەوەو لە ژێر نیەتی دەمامکەکەی دا، کە ئەم مانەیە دەگەیەنی: سەرۆکی هەرێم هەر بڕیارێك یا قسەیەك بکات ئەوا رای پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئیدی چۆن یەکیتی نیشتمانی کوردستان و لایەنەکانی دیکە پێ رازی بن و پەیڕەوی لی دەکەن.

کەسی رۆشنبیر یەکێك لە مەرجە بنەڕەتیەکانی ڕاست گۆیی و بێلایەنیە، بەڵام (رێبین هەردی) بەم وتارەی دەتوانین بڵین نەك راستگۆ نی یە بەڵکو بێلایەنیش نی یە.. ؟!، چونکە بەرێز (مسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە ئاڵای بەعس هەڵنەدری لە هەرێمی کوردستان تەنیا ئاڵای کوردستان هەڵبدری و لەو جێگایانەی کە پێویست بی ئاڵای عێراق هەڵبدرێت ئەوا ئاڵای 14ی گەلاوێژی 1958 هەڵبدرێت، کەچی کاك (رێبین) تەنگەتاو دەبی و بە دەمامك کراوی پەنا دەباتەوە بەر هەڵوێستە کۆنەکانی شەڕی ناوخۆکە (یەکیتی نیشتمانی کوردستان) دەینواند بەرامبەر (پارتی دیموکراتی کوردستان) بۆ هەڵکردنی ئاڵاو هەندی شتی دیکە تا بە هێزی خۆیان بڕیارەکە ڕەت بکەنەوە... !؟.

کە لەکاتێکدا هەموو لایەنە سیاسیەکان ڕازی بووون لە سەر ئەو پۆستە بۆ بەرێز کاك (مسعود بارزانی)، کە بڕیارەکەش بە ناوی سەرۆکایەتی هەرێمەوە بووە نەك لایەنی دیکە، جا سەرۆکی هەرێم هەرکەسێك بوایە لەوانەیە هەر ئەو بڕیارەی بدایە، کاك (مسعود) پاشایانە ئەو پۆستەی پێنەدراوە بەڵکو بە هەڵبژاردن خەڵکی لە رێگای نوێنەرەکانیانەوە ئەو پۆستەیان پێداوە بڕیارەکەش لە چوارچێوەی دەسەڵاتی بەرێزیان دایە، ئەو بڕیارە نەك هەر لایەنە سیاسیەکان بە بڕیارێکی لە جێگای

خۆیان داناوەو پشتگیریان لێکرد بەڵکو بەرێز مام (جەلال تاڵەبانی) سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ و تەنانەت سەرۆکی پەرلەمان و زۆرینەی کوتلە پەرلەمانیەکانی عێراقی فیدراڵ ڕازی بوون، جگە لە کوتلەی (ساڵح موتلەگ) و هەروەها دەستەی زانایانی ئایینی ئیسلام، کە هەردووکیان عەرەبی شۆڤێنی، بەڵکو حکومەت و پەرلەمانی عێراق لیژنەی بۆ گۆرینی پێکها، باشتر بوو کاك (ڕێبین) وەك ئەوەی دەیەوی بینووسیایە نەك دەمامك بۆ نیەتی بکات، بە بەراورد کردنی هەڵوێستی ململانەی حزبی سەردەمی شەڕی ناوخۆ، کە لەدواجاردا پەنای بۆ پێویستی نەمانی گەندڵی و دابینکردنی پێویستیەکانی دەکات کە ئەوەش وەك جیاوازی نێوان شوتی و پلایس وایە. کە دەزانی ئەگەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهەمان نەفەس و نیەتی پێشوو کار بکات ئەوا ئەو بڕیارە لە تەواوی هەرێم بە شێوەیەکی تەواو جێبەجی ناکری و هەرێمی کوردستانیش هەر بە باڵا دەستی حزبی بمێنێتەوە. ئەگینا هەڵکردنی ئاڵا نیشانەی سەروەری سیاسی و قانونی هەموو وڵاتێکە، بەراوردکردنی هەڵویستی دوو حزبی سیاسی و کەموکوڕیەکانی خزمەتگوزاری گشتی چ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە هەیە.. ؟!.

fateheahmad@yahoo. com